

# ماڵە بە لاولاوەکە

سەعید فایەق
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

- گوتی: چۆن ماڵێکە، چۆن ماڵێکە؟

دەزانم، بەر لەوەی وەڵام بدرێمەوە، بیرم لەوە کردەوە بۆچی دوو جار پرسیارەکەی کرد، بەڵام کاتی ئەوەم نەبوو وەڵام لە خۆی ببیستمەوە.

ئەم جارەیان گوتم: ماڵی جانوێرمەز.

ماڵ، لە ماڵ ناچێ، لە یانەیەک، لە زنجێک، لە کەڵەکێک، شتێکی وەک ئەشکەوت وا بوو. برا «جانوێرمەز» لەناو ئەم گوندەدا نەناسراوە، کەچی ئەو خۆی بەم جۆرە پێ ناساندبووم: بە هەچ کەسێک بڵێی ماڵە بە لاولاوەکە، پێت نیشان دەدەن، بەوەی گوایە جوانترین ماڵی گوندەکەیە، تەنانەت من پێم گوتبوو: جانوێرمەز ناودارترین پیاوی ئەو گوندەیە، ئەویش دەیگوت:

- بێگومان! بێگومان!... ناوداریش قسەیە؟ بلبلی گوندە، تاکە کەسێکە لە مرۆ بچێ تاکە کەسێ..
- تاک؟
- تاکە هینی...
- چیی
- شانازیی.
- جێی شانازیی

تەواو، تەنانەت ئەو، دەستمان بە پێکەنین کرد.

پیاوە هێشتا بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕووی دەکردم. لە بارودۆخێکی پەشۆکاودا بوو، لە پڕ سەری داخست، پێکەنی.. تا بانگی کەسێکی کرد تەنەکەیەک بۆیاخی بەدەستەوە بوو ڕەت دەبوو:

- سەبری! سەبری!
- بڵێ وەستا میخال.
- تۆ وەرە، وەرە.
- کارم هەیە.
- توخوا وەرە.
- لە ماڵی «جانوێرمەز» دەگەڕێن، گوایە ماڵی بە لاولاو بووە..

بۆیاخچی گەڕایەوە و بەرەو ئێمە دەهات. خەریک بوو نزیک ببێتەوە چاوەکانی هەروا لە دەموچاوم ورددەبوونەوە، چاوەکانی لێک دەنا، دەیکردنەوە، لێکی دەنانەوە، دیسان دەیکردنەوە. بە ڕووە بە لۆچەکەیدا، بە دەمە دان قازمەکانیدا، بە سمێڵە پیس و سەیرەکەیدا هەر هیچ شتێکی دڵخۆشکەرەوەیان تێدا نەبوو. ئیدی بۆیاخچی گەیشتبووە لامان، بۆیاخچی کوڕێکی درشت بوو، لاو، ڕووخۆش، ڕوویەکی گەشی هەبوو. بە پێکەنینێکەوە کە چاڵگەلێکی لە گۆنا خڕەکانیدا پەیداکردبوو، هاتە لامان، سڵاوی کرد، بەمنی گوت:

- تۆ بەدوای جانوێرمەزدا دەگەڕێی؟
- بەڵێ من بەدوایدا دەگەڕێم، وەستا میخال بەپێکەنینەوە گوتی:
- ئیدی تۆ دەزانی؟
- بۆیاخچییەکە گوتی:
- ئێ دەزانم، ئێستا منیش بۆ ئەوێ دەچم.. سا !

وەستا میخال بە گاڵتەوە گوتی:

- وەها؟ ئەڵڵا ئەڵڵا! و سمێڵەکانی وەک تۆزیان لێ نیشتبێ پاکی کردنەوە، برۆکانیشی هەر بەو شێوەیە بە پەنجەکانی داتەکاندەوە و گوتی:

- کەواتە ئەفەندی ببە ئەوێ.

کە پشتی تێ کردین و ڕۆیی، چرچولۆچییەکانی دواوەی وەک وەستا میخالێکی دیکە چەند ساڵێکی تەمەن پیرتر و چون کۆستەیەکی جمک و وەک برایەکی کۆستەی دەم بەخەندە هاتە پێش چاوم. لەگەڵ شاگرد بۆیاخچیدا ڕێمان کرد، بۆنی ئارەقەیەکی تازە کە لە جەستە قەڵەوەکەیەوە دەردەهات، دەوروبەری تەنیبووینەوە. خۆر تا دەهات دەیسووتاندین. نزیکەی چل هەنگاو ڕێمان کردبوو، لەپڕ وەستا میخالم بەتەک خۆمەوە بینی. گوتم با بپرسم و بڵێم: «گەڕایتەوە دواوە؟»، لێگەڕام. نزیکەی دە خولەک لە ڕێگەی بێ درەخت و بێ سێبەردا ڕۆیشتین. بێ ئەوەی قسە بکەین، ئەو بۆن ئارەقەیەی لە بۆیاخچییە قەڵەوەکەوە دەهات کە ماوەیەک وەک کەم بووبێتەوە ئەم جارەیان وەستا میخال کارێکی قێزەونی کرد، ئەویش کۆخەیەک و بۆنی دەستەسڕێکی کۆنی نەشۆرراوی هەڵدا. وەک گەیشتن بێ بەو سێبەرەی بیست هەنگاو لەولامانەوە بوو بۆ پێشەوە هەڵبەزیم، ماوەیەک ئاوڕم دایەوە و ڕوانیم بۆیاخچی و وەستا میخال تەواوێ هێواشیان کردووەتەوە. پستە پست قسەیان پێکەوە دەکرد. پێم وابوو قسە لەبارەی منەوە دەکەن، بە ئومێدی بەدەستخستنی سەرەداوێک بۆ بەشداری لە گفتوگۆکەدا منیش هێواشم کردەوە. نواڕیم لە ناوەڕاستی خۆرەتاوەکەدا وەستاون. بەباشم زانی ڕوو لە سێبەری چڕی دار شابەڕوو بکەم. هەر چۆنێک بێ با بچمە ژێر سێبەرەکە، چاوەڕوانی ئەوان بم، یان لەو جێیەدا بم کە لێی بووم، بوەستم بەوەی کە گوێ هەڵخەم و بەبێ بڕیار بیرم دەکردەوە کە بانگیان کردم، گوتم:

- ده وەرن لەژێر ئەم سێبەرەدا قسە بکەین گیانە.

گوتیان:

- نا، نا، تۆ هێشتا وەرە ئێرە.

چووم بۆ لایان، لە بارودۆخێکی ناخۆشی ناو بۆنێکی تیژی ئارەقە و بۆنی دەمێکی باسترمەی کۆنەوە بووی تێدا جگە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان کەوتمە بەر لێزمەی بارانی پرسیار و بە ئاوڕدانەوەی یەکیان لەوی دی و یەک لەوی دیکەیان، ماندوو و شەکەت بووم.

- جانوێرمەز لەکوێوە دەناسی؟

ژووری لێ بە کرێ دەگری؟

گوایە جانوێرمەز ماڵی هەبووە؟.. پێشتر ئەوت لەکوێ بینیوە؟.. من هیچ عەقڵم نەبووە؟.. چۆن دەبێ؟ ناوە ڕەسەنەکەی جانوێرمەز چییە؟ دەتزانی؟ ئەوەندەی پێویست بوو، ڕاستتر ئەوەندەی بزانم، تەنانەت گوێیان لەو وەڵامانە نەگرت کە توانیم بیدەمەوە.

گوتیان:

ئەی هاوشار بڕۆ مەمێنە! پیاوێک بەم ناوەی جانوێرمەزە لەم دێیەدا نییە. ئەگەر هەشبێ ماڵی نییە، ئەگەر پیاوێکی لەم جۆرە هەشبێ ناکرێ لەگەڵیدا دانیشی. ئەگەر داشبنیشی لەگەڵیدا هەڵناکەی، هەڵیشبکەی لەگەڵیدا، گوایە ئەوان بە ماڵی جانوێرمەز نازانن، ئەگەر بشزانن پیشانی منی نادەن. دیسان بەمنیان گوت:

- برادەر بڕۆ لێرە مەبە.

ڕوویان لە ڕێیەکی بە سێبەری وەک بەهەشتی لای دەستەچەپ کرد کە لەکاتی قسەکردندا سەرنجی ڕانەکێشابووم و بەدەم پێکەنینەوە لێم بزر بوون. تا ماوەیەکی دوورودرێژ بێ ئەوەی خۆیان ببینم گوێم لە دەنگیان بوو. بە سەرسامی مابوومەوە، ساڵانێکە من جانوێرمەز دەناسم. پیاوێکە بە ژیانی خۆیەوە خەریکە، مەراقم نەکردبوو و ناویم نەپرسیبوو، لەم گوندە دادەنیشێ، گەر بڕوانرێ خانوویەکی سێ ژووریی لە بابەوە بۆ بەجێماوی هەبوو، یەک لە ژوورەکان خۆی لێیە، دووانیشیان هاوینان بە کرێیان دەدا، کارگەلێک دەکات وەک بە کرێ شمەکی خەڵکی لەلای خۆی دەپاراست. ڕەبەنە، یەک لە ژوورەکانی گیراوە، منیش دەمگوت ئەوی دیکەشیان با من بیگرم، کۆتایی گەیشتمە ژێر دار شابەڕوو، شەکەت بووم، کۆتاییم هاتبوو ، بەسەر پارچە بەردێکەوە دانیشتم. کەڵەشێرێک و دوو سێ مریشک پێکەوە لە دەوروبەرمدا دەگەڕان، کەسی دیکە لەبەر چاودا نەبوون، ڕێگەکەش مرۆی لێ نەبوون. هەمووان دەبێ لە خەوی نیوەڕواناندا بن، تێڕامابووم، کەمێکی دی پیرەمێردێکی خورج لەکۆڵ دەرکەوت. ڕێک لەلای ئەو بەردە وەستا منی لەسەر دانیشتبووم. خورجەکەی بە من گرت و پێکمانەوە دامانگرت، ئەویش چۆکی بەسەر بەشە بەتاڵەکەی بەردەکەدا دا، جگەرەیەکی داگیرساند. کوێراییم دایێ! ئیدی نەمدەوێرا پرسیار بکەم، بەڵام پرسیارکردنیش پێویستە. لاقرتێکەم لە دوورەوە پەلکێش کرد، گوتم:

- هاوشارەکەم تۆ خەڵکی ئەم گوندەی؟

- خەڵکی ئەم دێیە نین بووینە خەڵکی ئێرە. بیست ساڵە لێرە کۆڵهەڵگری دەکەم.

- بە خەڵکی ئێرە دەژمێررێیت.

- هەن دەمژمێرن و هەشن نامژمێرن، بەڵام گیرۆدەی دێیەکە بووم ها! داخۆ تووشی کەسێکی وا نایەم لەم گوندەدا وەڵامی ڕوونم بداتەوە؟

- بەڵام گوندەکە جوانە...

- بەپێـی ڕۆژ کەوتـووە. ڕۆژانـی خۆشـی دەبـێ ئەگـەر جگـەرە و پـارەت ببـێ... ئەگـەر وەجـاخ هەڵگیرسـێ... شۆربا لێبنرێ.. بارەکوڵ پەیدا بن.. خششـەت هەبـێ (*)، خۆشـیت پـێ ببەخشـێ..

- ڕاستە، هەمـوو شتێک پێوەندیی بـە مەرجەوە هەیە دۆزەکـە لێرەیە.

- کەسـانێکیش هــەن بــێ مــەرج و مەرجگــەل بژیـن.

- هەن، هەن بەڵام...

- مردنیش هەیـە بـرادەر، مـردن. خاوەنـی ئـەم کۆشـکەش دەمرێ، ئـەم کەڵەشـێرەش.

لە دڵی خۆیدا:

- ئەمە منیش، سەیری دەموچاوی کردم.

- ئەمە تۆش..

- ڕاستە، (گوتـم)، ڕاسـتە، بـەڵام دیسـان جیاوازیش هەیە.

- لە چیدا؟ (گوتی): مردوویەک تا مردوویەک.

گوتم:

- وایە ئیدی.

گوتی:

- نـا.. نـا. مـردوو تـا مـردوو جیاوازییـان نییـە، زینـدوو تـا زینـدوو هەیانـە..

بیـرم کـردەوە، زۆر ڕاسـتی دەکـرد، لـە ناخمـدا گوتـم: «ئـای دایکـی!». وەک بڵێـی گوێـی لـێ بووبێ کـە گوتـم «وای دایکی!» لـە ڕووی ڕوانیـم و گوتـی:

- ئا!..

- ئێ.. منیش دەمویست ئەوە بڵێم،

- ئـێ منیش دەمویسـت ئـەوە بڵێـم، زینـدوو تـا مـردوو زۆر جیـاوازە.

- ئەوە هەیە، بڕوامان بە خودا هەیە.

هەردووکمـان لـە باڵکۆنـی کۆشـکە نزیکەکـەدا تارماییـی پیرێکـی نێرینـەی بەفیـزی بیجامـە ئاوریشـمینمان بینـی. ئـەم تارماییيـە بەقێـزەوە لێمـان ڕوانـی و دەرگـە کراوەکـەی باڵکۆنـی بـە تووڕەیـی پێـوە دا.

کۆڵهەڵگر گوتی:

- بەگمـان لـە خـەو بەئاگاهێنـا، پێـی وایـە ئەگەر نیـوەڕوان بنـوێ لـە من پتـر دەژی.

- ناژی؟

گوتی:

- ناژی.

ئـەو هەیـە و نییـە پەنجایـی، مـن حەفتـا و پێنجیـم، هـەر لـە ئێسـتاکەوە عزرائیـل دەسـتی لـە شـێوە و پـێ و سـمێڵی ئەودایـە.

- لە تۆدا نییە؟

گوتی:

- مۆمـی مـن خەریکـە خامـۆش دەبـێ، مـن لـە خۆشـییان و لـە زۆرخـۆری نامـرم، مـن مۆمـم خەریکـە دەکوژێتـەوە.

گوتم:

بـەڵام، بزانـە ئـەو دەخـەوێ، لـەم گەرمـای نیوەڕۆیـەدا فێنـک فێنـک، کە لە خەو هەڵدەستێتەوە میوەگەلـی سـارد و خـۆخ و هەڵـووژە... تـۆ بـار بەسـەر شانتەوە و شێرە و حەنەفییـەی نـاو کۆڵان ئـاوی لـێ ناچـۆڕێ، تەنانـەت کانیاوێکیـش لەنـاو گونددا نییـە..

وەڵامـی نـەداوە، دەمـی وەک کەفـی کردبـێ وابـوو. وەک لـە شـوێنی گیانکێشـانییەوەم گرتبـێ وابووم، ئـەو چاوەکانـی لێـک نابـوون. بە هێواشـی و کـەم کەمـە چـاوی کـردەوە. چەناگـە و ڕیشـی پێکـەوە گـرت. گوتـی:

- ئێسـتا لـە «فریجیدیـر»ەوە هێشـووە ترێیەکم دەرهێنـا، بگـرە پاڵـەوان. خـواردم. دۆلکەیـەک گوڵاوە خونچەیەکیشـم کـرد بـە سـەریدا.

وەک ئـەوەی بەڕاسـتی ترێکـەی خواردبـێ و

گوڵاوە خونچەکەشی خواردبێتەوە وابوو. چاوم کوێر بێ بۆ گاڵتە لەگەڵدا کردن پێم نەگوت: «نۆشی گیانت بێ و بە شەکر بێ».

- بگرە بزانم لە سووچێکی کۆڵەکە بۆ باوکایەتی. هەڵگرە، تەواو. دەی سا بە خودامان سپاردن!

- ئەمان هاوشارییەکەم هێشتا ڕاوەستە! پرسیارێک لە تۆ بکەم. لەژێر کۆڵەکەیەوە بە تووڕەبوونییەوە بە چاوە ڕەشەکانییەوە ڕوانی. گوتی:

- بپرسە بزانم، بەڵام دەستت بە گورجی بگرە.

- دەمویست لەم ماڵە بەلاولاوە بپرسم.

گوتی:

- ماڵ چۆن ماڵی چۆن؟

- تف خودا بیگرێ، هەموو کەسێک هەر دەبێ دەست لەم قسە قۆڕە وەربدات.

بە دوا ئومێدێکەوە گوتم:

- ماڵی جانوێرمەز.

دەستی بە سەرکەوتن بە هەورازدا کرد. سەری بە دوو لادا دەجووڵاندەوە و مڕەمڕی بوو. گوتی:

- دەبڕۆ بۆ کاری خۆت هاوشارەکەم. بڕۆ مەوەستە.

کۆڵهەڵگری پیر هەنگاوێکی مابوو بگاتە بەر خۆرەکە، لەژێر کۆڵەوە سەری دەرکردەوە و ڕووی لە من کرد.

- هەروەها بەهەڵە بەدوایدا دەگەڕێی، نەک لە ماڵی جانوێرمەز، بەڵکە لە ماڵی جانوێرەمەز بپرسە.

چوومە ناو بازاڕی گوندەکە. چوومە ناو دوکانی شیرفرۆشێک. سەد درهەم نان و ماستم هێنا. ئاوی دۆشاوە سێوێکی وەک بەفریشم بەسەردا خواردەوە.

- هاوشارەکەم قەرزەکەم چەندە؟

- حەوت و نیو نان، ٤٠ ماست.. پەنجا قرووش بەگم. شیرفرۆش ئەرناوت (ئەلبانی)یەکی ڕوو بە پێکەنین بوو، دەستی درشت درشتی هەبوون. چاوە شینەکانی زۆر ئاشنای گیانان بوون. بەهەر حاڵ منیشی بە ئەرناوت زانیبوو کە دەستی بە باس لە تیرانا و کەغالا و مەغالا کرد. لێی پرسیم زمانی ئەرناوت دەزانم، یان نا. گوتم: هیچی لێ نازانم. بیرم نایەتەوە، پێم گوت لە منداڵییەوە لەوێوە دەرچووم، یان پێم نەگوت. کە لە دەرگەوە دەچوومەوە دەرێ لەپڕ ئازایەتییەکم بۆ هات. کە پێم گوت ئەرناوتین قسەکەم ئاراستەی ئەو بوو کە شیرفرۆشەکە پێی خۆش بێ. گوتم:

- هاوشارەکەم ماڵی جانوێرمەز لە چ لایەکە؟

پرسیارەکەم وەک بڕوا پتەو بوو، وەک موحەللەبییە ئاوەکەی ئەرناوتەکە شل و چاوە شینە کاڵەکەشی لە ڕووە سپییەکەیدا بە تووڕەییی کەشتییەکی جەنگی کە بەرەو ڕووم پێشڕەویی کرد، خۆم لەناو کۆڵانەکەدا بینی. من کە لە دەرگەوە دەچوومەوە دەرەوە ئەو دەمی لەناو تفدا دەیگوت:

- ماڵی کێ ماڵی کێ بۆرە؟

**٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٣**

**(*) خششە: بۆ دەنگی کۆمەڵێک پارەی کانزا بەکارهێنراوە.**

**سەرچاوە؛**

SAİT FAİK ABASIYANIK – Alemdağ›da Var BirYılan – ÖYKÜ - Yayın: Kitaplık Ağustos, 2005 – S. 27 - 30